Kurdiname
Akademik
Kovara Kurdinameyê ya Navnetewî
Uluslararası Kurdiname Dergisi
International Journal of Kurdiname

| Kovara Kurdinameyê ya Navnetewî<br>Jimar: 6 Nîsan 2022 | K | International Journal of Kurdiname<br>Issue: 6 April 2022 |
|---|---|---|

https://dergipark.org.tr/en/pub/kurdiname E-ISSN-2687-5438

# ئەدەبیاتی کوردی وەک بناغەیەکی بە ستانداردبوونی زمانی کوردی

# (KURDISH LITERATURE AS A BASIS FOR KURDISH STANDARDIZATION)

Safya MUHAMMAD AHMAD*
Soran ABDULRAHMAN HAMAD**

**Article Type:** Research Article // Gotara Lêkolînî
**Received // Hatin:** 05.01.2022
**Accepted // Pejirandin:** 07.04.2022
**Published // Weşandin:** 30.04.2022
**Pages // Rûpel:** 64-75
**DOI:** 10.55106/kurdiname.1053202

This work is licensed under the Creative Commons Attribution International License (CC BY 4.0).http://creativecommons.org/licenses/by/4.0/

**Citation/Atif:** Muhammad Ahmad, Safya and Abdulrahman Hamad, Soran (2022). ئەدەبیاتی کوردی وەک بناغەیەکی بە ستانداردبوونی زمانی کوردی, *Kurdiname*, no. 6, p.64-75

**Plagiarism/Întîhal:** This article has been reviewed by at least two referees and scanned via ithenticate plagiarism website // *Ev gotar herî kêm ji alîyê 2 hakeman va hatiye nirxandin û di malpera întîhalê ithenticate ra hatiye derbaskirin.*

**Abstract**

Specifying and deciding about Kurdish standard language is one of the issues that is investigated and discussed about it continuously. What is important is to get the answer about what is Kurdish standard language? How is the Kurdish standard language? And what are the measurements and the principles used to identify language to be standard? However, here and there, some clues have been found to indicate some ways and principles of which dialect or which subdialect has the conditions of standardization, but this issue has not been solved completely, yet. Thus, from the sake of active role and duty of Kurdish literature, as the main base and importance of standardization of Kurdish language, this issue is investigated.

Kurdish literature has been written by miscellaneous subdialects and accents, so it is possible to take benefit from all the current Kurdish written documents as the basic principles to standardize Kurdish. Thus, the current study tends to identify standardization practically and prove it scientifically. The study benefits from the poetic theories of Jan Cohen and Leech's taxonomy by considering descriptive approach in exploring examples of literature.

**Keywords**: Subdialect, accent, standard language, measurement, poetics, poetry, story, novel

**پوختە**

زمانی کوردی هەرچەندە سەدان توێژینەوەی جۆراوجۆری لەبارەیەوە ئەنجامدراوە، زۆرێك لە ڕەهەند و بنەماکانی کەوتوونەتە بەر تیشکی لێوردبوونەوە و باسکردن، یەکێک لەوانە بەستانداربوونە، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگ و پێویستە گەیشتنە بەو وەڵامەی، کە زمانی ستانداری کوردی چییە؟ و چۆنە؟ و ئەو پێوەر و بنچینانەی دیاریدەکرێن بۆ بەستانداردبوون کامانەن؟ ئەگەرچی لێرەو لەوێ هەندێك سەرەداو دۆزراونەتەوە و ئاماژە بە هەندێك لایەن و بنەما کراوە، کە کام دیالێکت و زارە مەرجی بەستارنداربوونی تێدایە، بەڵام تا ئێستا بە تەواوی ئەو بابەتە یەکلانەبۆتەوە؛ بۆیە لە سۆنگەی ڕۆڵی کارا و ئەرکی ئەدەبیاتی کوردی وەك بناغەیەکی سەرەکی و گرنگی داڕێژەری زمای ستانداردی کوردی ئەو توێژینەوەیە ئەنجامدەدرێت. زار و شێوەزارە کوردییەکان زۆر بە پتەوی و هەمەچەشنی لە ئەدەبیاتی کوردیدا پەیرەوکراون و راستییەکی حاشانەویستە، کە لە ژانرە جۆراو جۆرەکان بەرچاو دەکەون؛ بۆیە توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی دوو تەوەر لە خۆ دەگرێت: تەوەری یەکەم: چەمکی زار و شێوەزارە کوردییەکان و پێگە و مەودای دوور و نزیکیان لە زمانی ستانداری کوردی باسدەکرێت، تەوەری دووەمیش: تایبەت دەکرێت بەو وشە و فۆرم و زاراوە هەمەڕەنگانەی لە زارە جیاوازەکانی زمانی کوردیدا چۆن لە ئەدەبیات بە هەموو ژانرەکانەوە بەکارهێنراون و چ کاریگەرییەک لەسەر

* Asst. Prof. Dr., The University of Raparin, Safya.kurde@uor.edu.krd, Orcid: 0000-0001-5496-4575
** Lecturer, The University of Raparin, soran.hamad@uor.edu.krd, Orcid: 0000-0003-0349-1768

بەستانداربوون جێدەهێڵن، بە نموونە لە ئەزموونی شیعر و چیرۆك و ڕۆمانی کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات؛ بۆیە توێژینەوەکە سوود لە تیۆری شیعرییەتی (جان کۆهین) و پۆلینی (لیچ) وەردەگرین، بە پەیڕەوکردنی ڕێبازی وەسفی لە خستنەڕووی نموونە ئەدەبییەکان.
**کۆتایی توێژینەوەکە:** ئەنجام و لیستی سەرچاوە زانستییەکان و پوختەی توێژینەوە بە زمانی فارسی و ئینگلیزی لەخۆدەگرێت.
**وشە سەرەکییەکان:** زار و شێوەزار، زمانی ستاندارد، پێوەر، شیعرییەت، شیعر، چیرۆك، ڕۆمان.

### ١.پێشەکی:

زمان ئامرازی سەرەکی گەیاندن و لێک تێگەیشتنە و بنەما و کۆڵەکەی بنەڕەتی نووسینی ئەدەبیات و بەرهەمە مرۆڤایەتییەکانە، بە پێچەوانەوە ئەدەبیاتیش بۆتە سەرچاوە و بەڵگەنامەیەکی دروست و زانستی لە پاراستن و هێشتنەوە و دەرخستنی چەندین دیوی شاراوەی زمان، چونکە کاتێک ئەدەب بە پێی قۆناغ و سەردەمی نووسین کۆمەڵێک تایبەتمەندی و ئەدگار لە خۆدەگرێت وردە وردە گۆڕانی بەسەردادێت، ئەوا یەکێک لە بنەڕەتەکانی ئەو گۆڕانە زمانە؛ بۆیە چەندین وشە و زاراوە هەن لە ڕووی داڕشتن و چەمکی واتایی کەم تا زۆر بەر ئەو گۆڕانکارییانە دەکەون، بەمەش زمانی قۆناغێک لە زمانی قۆناغێکی تر جیاوازتر دەبێت.

دەوڵەمەندی و مێژووداری ئەدەبیاتی کوردی لە پاڵ پاراستنی شکۆی زمانەکەمان لە ڕابردوودا، ئێستاش دەتوانرێت بۆ پرسێکی گرنگ پشتی پێ ببەسترێت و وەک پێوەرێکی سەرەکی لە دیاریکردن و بڕیاردان لە بارەی پرسی زمانی ستاندارد بکرێتە بنەمایەکی سەرەکی، ئەو توێژینەوەی ئێمەش لەو سۆنگەیەوە ڕوانیویەتە بابەتەکە؛ لەبەرئەوە توێژینەوەکە چەند بابەتێکی جیاواز لەخۆ دەگرێت، کە هەموویان دەچنە چوارچێوەی بازنەی زمانی ستانداری کوردی و ئەدەبیاتی کوردی، لە سەرەتادا باس لە زمانی ستانداری کوردی و زار و شێوەزارە کوردییەکان کراوە، دواتر زمانی نوسین و ئەدەب خراوەتەڕوو لە ڕووی پەیوەندی و جیاوازییەوە، لە کۆتا بابەتیش بە شێوەیەکی پراکتیکی ئەدەبی کوردی وەک بنەمایەکی پتەوی ناساندن و بڕیاردان لە بارەی زمانی ستانداری کوردی خراوەتەڕوو.

پێشینەی توێژینەوە لە بارەی ئەو بابەتە لە بواری زمان و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بە شێوەی پچڕ پچڕ و ناڕاستەوخۆ باس کراوە بەڵام وەک توێژینەوەی سەربەخۆ بەرچاومان نەکەوتووە؛ بۆیە ئێمە بە شێوەیەکی پراکتیکی ئەوەمان سەلماندووە.

### ٢. زمانی ستانداردی کوردی

زمانی ستانداردی کوردی یەکێکە لەو بابەتە سرک و ئاڵۆز و فرە ڕەهەندانەی پەیوەندی بە هەموو کایەکانی ژیانەوە هەیە، ڕێککەوتنی نەتەوەیەک لەسەر هەڵبژاردنی زارێک یا شێوەزارێک، تاکوو پێی بدوێن و لێکتێبگەن ئەرکێکی زۆر گرانە، لەکاتێکدا گەلی کورد لەوەتەی هەیە هەوڵی سەربەخۆی خۆیداوە دوژمنانیش لە بۆسەدان بۆ تێکدانی پەیوەندی و دوورکەوتنەوە لەیەک و دروستکردنی کەلێنی سیاسی و مەزهەبی و ناوچەیی و دەمارگیری و ڕازینەبوون بە زاری بەرامبەر ڕۆڵێکی زۆریان گێڕاوە. بەم هۆکارانە و چەندین هۆکاریتر زمانی کوردی بە شێوەیەکی گشتی دابەشبووە بەسەر چەند دیالێکتێکدا، دیالێکتەکانیش لە چەند زارێک پێکهاتوون، هەر زارێکیش لە چەند شێوەزارێک و وەچەزارێک پێکهاتووە، سەرەڕای جیابوونەوەی زارەکان لەیەکتر، هەریەکەیان خاوەنی خەسڵەتی تایبەتمەند و پەیڕەوبەندانەن، کە لەناو بۆتە گەورەکەی زمانی کوردیدا پێکەوە هەڵدەکەن، زارە کوردیەکان هیچیان لە هیچیان باشتر و خراپترنین، چونکە هەموویان بەپێی یاسا ئاوەزیی و زمانییەکان گەنجینەیەکیان لە دەستور و شێوە جیاجیا و تایبەتییەکانیان لە وشە و فرێز و ڕستە بەرهەمهێناوە؛ بۆیە کاتێک باس (لە بەستاندردبوونی زارێک دەکرێت باس لە چاکی و خراپی و ژمارەی قسەپێکەرانی ئەو زارە نییە؛ بەڵکو

زمانی ستاندارد بەو زمانە دەگوترێت، کە بە شێوەیەکی چەسپاو هەڵبژێراو سەقامگیر، وەک ڕێبەرێکی نموونەیی و پەسندکراو بەکاربهێنریت)(خۆشناو،٢٠١٣: 69) یا دەگوترێت زمانی دەوڵەت و دەسەڵاتە، کە بڵاوکراوە و خوێندن و ئاخاوتنی فەرمی و دادگا یاسای پەرلەمان پێ بڵاودەکرێتەوە و دەنووسرێتەوە، ئایا تا ئێستا لە زمانی کوردیدا فۆرمێکی لەو جۆرەمان هەیە، یاخود هەنگاو بۆ دروستکردن و جێگیربوونی دەنرێت، بەشێک لە لێکۆلەران، جووت ستانداردی زمانی کوردی برەو پێدەدەن، چونکە کرمانجی ناوەڕاست بەپێی ئەو یاسا ڕێگەپێدراوانەی حکومەتی عێراق و ئەو بەڕێوەبردنە خۆجێییەی لە دوای ڕاپەرینەوە لە کوردستانی باشوور ڕایکراوە و بگرە لە میرنشینی بابانەوە بۆ شێخ مەحمود و پێشەوا قازی و مستەفا بارزانی و کابینەکانی سەرۆکایەتی حکومەت و هەرێم و پەرلەمانیش ئەم شێوەزارەیان پەسەندکردوە، بەڵام کرمانجی سەروو بە هۆی بوونی ئەلفوبێی جیاواز و بوونی مەودایەکی دووری جوگرافی و فەرهەنگی، زمانی کوردی بەرەوە جووت ستانداردی هەنگاو دەنێت(مەحویی، ٢٠١٦: 40-42 ) لەهەمان کاتدا کرمانجی ناوەڕاست بەهۆی ئەو زنجیرە نەپچڕاوەی حوکمڕانیە کوردییەی وەک زمانی فەرمی دیوانی بەکارهێنراوە، شێوەیەکی وەرگرتووە و خزمەتێکی باشیش کراوە، بۆتە زمانی ڕاگەیاندن، هەرچەندە لە ڕاگەیاندنەکانی ئێستادا کرمانجی سەرووش بەکاردێت، وا چاوەڕێ دەکرێت بەجووتە بەرەو ستانداردبوون بڕۆن. زمانیش تاکە هۆکاری لێکتێگەیشتن نییە، کە لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا کاردەکات، بەهەمان شێوە لەناو ئەو زمانە ئەو تاقم وگروپانەی بەهەر هۆکارێک جیادەبنەوە و بە شێوازێکی تایبەت قسەدەکەن، لە ڕووی سۆسیۆلۆژییەوە گرنگی بە زاراوە و دەربڕینەکانی خۆیان دەدەن، ئەمەش دوو ڕەهەندی جیاواز لە خۆ دەگرێت:

أ- ئەو زمانانەی خاوەن زار و شێوە زاری جۆراوجۆرن دەیگەڕێتەوە بۆ لایەنی ئەرێنی زمانەکە، کە زمانە زیندوو و پێشکەوتوو و ڕەسەنەکانیش خاوەن زار و شێوەزاری جۆراوجۆرن، بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی جگە لە شێوەی ستاندارد چەندین شێوازی جۆراوجۆر بەکاردەهێنن، بەڵام زمانە ستانداردەکە هاوبەشە و هەموویان لێیتێدەگەن و یەکیخستوون، کەواتە بە جۆرێکیتر زۆری زار و شێوەزارەکان دەبنە هۆکاری زۆربوونی وشە و زاراوە و دەوڵەمەندی فەرهەنگی زمانەکە، کە دەکرێت لەکاتی پێویست پەنایان بۆ ببرێت.

ب- ڕەهەندێکیتری زار و شێوەزارە جیاجیاکانی زمانێک بۆ (دیاریکردن و بڕیاردان و هەڵبژاردنی ستانداردی بۆ زمانێک بە لایەنی نەرێنی دادەنرێت، چونکە لەکاتی دروستکردنی زمانی ستاندارد ناکرێ وەک ئەم هەموو دەستور و یاسایانە هەموو زارەکان و شێوەزارەکان وەک مزاش تیکەڵ بکەین، تەنانەت دوو شێوەش، بەڵام دەکرێ سوود لە وشە و زاراوە تایبەتیەکانی یەکتر وەرگرین بۆ ئەوەی فەرهەنگی بنەڕەتی لێکدوورنەکەوێتەوە)(عەلی،٢٠١١: 24) دەگونجێت دوورکەوتنەوەی دیالێکتەکان بەهۆی جارێکیتر تێکەڵبوونەوەی کۆمەڵایەتی و ئابوری و رامیاری و ئایینی بەرەو لاوازی بڕوات لێک نزیکبوونەوەی زار و دیالێکتەکان وەک پرۆژەیەکی نەتەوەیی و نیشتیمانی سەیربکرێت، کە هاوبەشی فەرهەنگی و بەکارهێنان زیاتر بکرێن. ئەم دوو ڕەهەندە بە ڕێژەیەک ڕاستیان تێدایە بە تایبەت بۆ گەلی کورد، کە تا ئێستا بڕیاری ستانداردکردنی زارێکی بە ڕوون و ئاشکرایی نەخستوتە بەرباس و دەزگا و ئەکادیمیای بۆ تەرخان بکات، بەڵکو زمانەوان و رۆشنبیر و ئەدیب و نوسەرانی کورد هەوڵی یەکلایکردنەوەی ئەم بابەتەیان داوە، بەڵام لەوانە گرنگتر ئەوەیە حکومەت و پەرلەمان بە پاڵپشتی کەسانی پسپۆر بڕیاربدەن، کە کام زارە یا شێوەزارە بەستاندارد بکرێت و توانستی مادی و مەعنەوی و پاڵپشتی یاسا و دەسەڵات بخرێتە خزمەتی، بەدواداچون بۆ جێبەجێکردنی بکرێت.

### ٣.پەیوەندی زار و شێوەزارەکان لە زمانی کوردی دا:

بۆ دیاریکردنی زار و شێوەزار لەناو هەر زمانێکدا پێویستی بە پێوەر هەیە، ئەگەر وا دابنرێت مانی کوردی لە قۆناغی سەرەتای دروستبوونیدا بەیەک شێواز و ئاخاوتنیان ئەنجامداوە، کاتێک زمانی بەکارهێنراوی کۆمەڵێک لە کۆمەڵێکیتر جیا دەبێتەوە، لە ناو چوارچێوەی هەمان زماندا جیاوازی ئاشکرای هەبێت، ئەوا ئەم جیاوازیانەی پێیدەگوترێت دیالێکت(عەلی،٢٠١١: ٤2) ئەی بۆ ئێستا چەند دیالێکتێک و زار و شێوەزاری جیاوازمان هەیە، زمانی کوردی بەسەر ئەم دیالێکتانە دابەش دەبێت هەریەکەشیان بەسەر چەند زار و شێوەزارێکدا دابەشدەبن(خورشید،١٩٨٥: 40):

1- کرمانجی باکوور(بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بادینانی، دیالێکتی ڕۆژئاوا)
2- کرمانجی ناوەڕاست(موکری، سۆرانی، ئەردەلانی، سلێمانی، گەرمیانی)
3- کرمانجی باشور(لوڕی ڕەسەن، بەختیاری، مامەسەنی، کۆهگلۆ، لەک، کەلهوڕ )
4- گۆران(گۆرانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەلانی، زازا)

ئەم دابەشبوونە بە شێوەیەکی گشتی دیالێکتەکانمان بۆ دەستنیشان دەکات، هەرچەندە دەگونجێت شێوەی دابەشکردنی جیاوازتر بوونی هەیە "بۆ ئێرە بە پێویست نەزانرا"، بەڵام زار و شێوەزار و بچووکتر لە شێوەزاریشمان هەیە، کە بە پێوەری شێوازی ئاخاوتن لە یەکتر جیا بوونەتەوە، ئەگەر لەم ڕووەوە بکۆڵرێتەوە و بگوترێ: چۆن ئەم زار و شێوەزارانە دروستبوون؟ بە شێوەیەکی گشتی دروستبونی زار و شێوەزاری جیاواز دەگەڕێتەوە بۆ لێکدوورکەوتنەوە و دابڕانی ناوچەیەک لە ناوچەیەکیتر، بە هۆکاری جوگرافی، ڕامیاری، ئاینی، بازرگانی و ڕۆشنبیری ... یان هەر هۆکارێکیتر بێت؛ بۆیە دیالێکت ئەو شێوە زمانەیە کە کۆمەڵە کەسێک بەکاری دەهێنن و هاو زمانەکانیش تێیان دەگەن.( فتاح،١٩٩٠: 105) کەواتە جیابوونەوەی دانیشتوانی ناوچەیە لە ناوچەکانی دەوروبەری خۆی، بۆ ماوەیەک، کە گۆڕان بەسەر بەکارهێنانی وشە و زاراوەکانیدا بێت و هەندێک جا گۆڕانکاریەکان لە شێوازی دەربڕین و ئاستی دەنگ و ڕێزمان و واتاشدا ڕوودەدات و فەرهەنگێکی تایبەت بە خۆیان دروست دەکەن، کە لە زار و شێوەزارەکانیتر بەمشێوەیە بەکارناهێنرێن، ڕادەی ئەم جیاوازییە، بە ئاسانی دیاریناکرێت بەڵام بە شێوەیەکی گشتی تاکو ئەم مەوداو کەلێن و تێکەڵنەبوونە زۆرتر و فراوانتر بێت، ئەوا ئەم دوو زارە یان شێوەزارە جیاوازیان زیاتر دەبێت، بۆ نموونە قسەپێکەرانی زاری هەورامی هاوکات هەموویانن بەکرمانجی ناوەڕاستیش دەتوانن قسەبکەن و تێبگەن، قسەپێکەرانی ناوەڕاستیش بە تایبەت ئەوانەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە تێکەڵیانن تاڕادەیەک لێیان تێدەگەن، بەڵام قسەپێکەرانی کرمانجی ژووروو زیاتر لە کرمانجی ناوەڕاست تێدەگەن وەک لە هەورامی. کەواتە پەیوەندی نێوان زار و شێوەزارەکان بەستراوەتەوە ڕادەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و نزیکی سنوری جوگرافی و ئایین و مەزهەبی هاوبەش و لایەنی سیاسی و ڕۆشنبیری و خزمایەتی، هەتا ئەم تێکەڵییە زیاتر و زۆرتر بێت و (پەیوەندیان بەهێزتربێت، ئەوا لە ڕووی فەرهەنگ و یاسا و ڕێساکان هاوبەشی تێگەیشتنیان زیاتر دەبێت.)(بەکر،٢٠٠٤: 93) هەروەها پەیوەندی شێوەزاری سلێمانی و موکریانی و سۆرانی زۆر لێکنزیکن، چونکە بۆ یەک دیالێکت دەگەڕێنەوە بە بەراورد بە شێوەزارێکیتری سەر بە دیالێکتێکی جیاواز، ئەم پەیوەندییە تا ئاستی شێوازی ئاخاوتنی ناوچە و هۆز و خێڵ تیرە و تا تاکی قسەکەریش دەڕوات، کەواتە دەکرێت ئەم پەیوەندی شێوەزارە جیاوازەکان لە بارێکی گۆڕاودا بێت، بە پێی بارودۆخی دەرەکی و ناوخۆیی زمانەکە، هەندێکجار یا لە هەندێک باردا بەهێز بێت، یان لە هەندێکیتر بەرەو لاوازی بچێت.

### ٤.زمانی نووسین و ئەدەب :

زمانی ئاخاوتن زمانی بنەڕەتی نەتەوەکەیە، دواتر شێوازە جیاوازەکانیتری لێوەردەگیرێن، هەموو ئاخێوەرێک لەناو خێزانی خۆی لەو دەوروبەرەی تێیدایە بە شێوازی ئەوان دەدوێت، واتە مرۆڤ سەرەتا فێری زمانی باوانی دەبێت، پاشان بە پێی فاکتەرەکانی کاریگەر لەسەر زمان شێوەیەکی تایبەتی وەردەگرێت، بەڵام (لە کاتی نوسیندا زۆربەی نوسەران هەوڵدەدەن وەک شێوە ستانداردەکە بنوسن، مەگەر بە مەبەستێک بە شێوازێکیتر بنوسێت)(عەلی،٢٠١١: 36). ئەمەش لە دێرزەمانەوە زمانی نوسین و ئەدەبی لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە جیاوازبووە، یەکێک لە پێوەرەکانی بەهێزی دەقی ئەدەبی توانای بەکارهێنانی ئەو زمانە ئەدەبییەیە، کە لە قسەی ئاسایی ڕۆژانە جیای دەکاتەوە، هەرچەندە زمانی نوسینی زانستە پەتیەکان و بەڕێوەبردن زمانێکە دوورە لە هەست و سۆزی هەڵچوون، زیاتر سەلماندن و باسی دیاردەیەکی زانستییە، کەمتر بابەتی ڕەوانبێژی تێدا دەردەکەوێت بەڵام (نوسینی ئەدەبی وەک(هۆنراوە، پەخشانی ئەدەبی، چیرۆک،...) پڕیەتی لە ڕەوانبێژی و هەڵچوونی دەروونی مرۆڤ هەڵکێشراوە، هەموو نەتەوەیەک پێویستی بە زمانی ئەدەبی یەکگرتوو هەیە، بۆ پاراستنی یەکێتی خۆی تاکو هەموو ناوچەکانی پێکەوە ببەستێت و لەم زمانە تێبگەن، دەگونجێت ئەم زمانە ئەدەبییە ببێت بە زمانی ستاندارد)(ئەمین،٢٠١١: 171). نەتەوەی کورد خاوەن زمانێکی ئەدەبی یەکگرتووە، هەرچەندە تا ئێستا زمانی ستانداردی کوردی تەواو جێگیرنەبووە، کە بە ئاقاری کام شێوازدا هەنگاو دەنێت، (ئەم شێوەیەی لە کوردستانی باشور پێیدەنوسرێت، کە شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاستە(سلێمانی، سۆرانی، موکریانی، سنە) بەشێکی زۆر لە قسەپێکەرانی و نوسەرانی(گۆران، لوڕ) بەکاریدەهێنن)(سەلام ناوخۆش، 92) ئەم شێوازەی بەکاردەهێنرێت لە زمانی ئەدەبیدا کاریگەری زۆری هەیە لەسەر لێکتێگەیشتنی شێوەزاری خەڵک، چونکە (کۆمەڵێک وشە و زاراوەی نوێی شێوەزارەکانیتر بەکاردەهێنێت، بەمەش ئەدەب دەبێتە فاکتەرێک بۆ دروستکردنی پردی پەیوەندی لە نێوان شێوەزارەکاندا)(ڕەسوڵ،٢٠١٥: 338). شاعیر بەردەوام دەگەڕێت بەدوای زاراوە کاریگەرەکان بۆگەیاندنی واتایەکی بەهێزتر، واتە گۆڕان لە زاراوە و وشەکاندا دروستدەکات، بە واتایەکیتر ئەوەی هۆنراوە لە شتەکانیتر جیادەکاتەوە زمانی شیعریەتی دەقەکەیە، چونکە هەرکاتێک زمانی هۆنراوە ئاسایی و سادە و ساکار بوو، ئەوا دەبێتەوە پەخشان و بەرەو ئاخاوتنی ڕۆژانە دەڕوات(فتاح،2010: ؟). توانای یاریکردن بە زمان و لادان لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و بەکارهێنانی وشە و زاراوەی نوێ و چڕکردنەوەی بابەتەکانی ڕەوانبێژی لەناو هۆنراوەکەدا، هێزی زیاتر بە هۆنراوەکە دەبەخشێت، کورش سەفەوی ،کرۆکی شیعر دەباتەوە سەر بنیاتی لادان لە پێوەرەکانی زمانی ئۆتۆماتیکی و وابەستەی ناواخنی زمان و روخساری دەکات)(صفوی،٢٠١٨: 42). مێژووی لێکۆڵینەوە و پەیوەندی نێوان زمان و شیعر زۆر کۆنە دەگەڕێتەوە بۆ لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان لەو بوارەدا، کە شیعریان بە دیاردە و ڕووداوێکی ناو زمان داناوە، واتا زمان بۆتە سەرچاوەیەک بۆ سەرنجڕاکێشانی خەڵک ئەگەر شاعیران بەدوای وشە و زاراوە و کەرەستە سەرنج ڕاکێشەکانی زمان نەگەڕێن ئەوا بابەتی ئەدەبی لەدایک نابێت ئاست و پلەی شیعریەت و لێهاتوویی شاعیر بەدەرناکەوێت، بەڵام هەر ئەوەنییە، کە شیعر کەڵک لە زمان وەربگرێت، بەڵکو زمانیش بەهەمان شێوە سوودی لە شیعر بینیووە:

1. وشە و زاراوەکان بە زیندوویی دەهێڵێتەوە و تۆماریان دەکات.
2. وشە و زاراوە سستبووەکان چالاک دەکاتەوە.
3. زمانی شیعر دەبێتە هۆی تێکەڵکردنی وشە و زاراوەکانی شێوەزارە جیاجیاکانی زمانێک، یا چەند زمانێک.

سەرەڕای ئەوەش شیعر و ئەدەب دەتوانێت ببێتە زمانی ڕاگەیاندن و زمانی ڕۆشنبیران و هەندێکجار دەبێتە زمانی فەرمی وڵات و زمانی ستانداردی نەتەوەکە، ئەدەبیاتی کوردیش هەر لە سەرەتاوە ئەدەب و زمانیان پێکەوە گرێداوە و ڕۆڵی هەبووە، لە بەکارهێنانی شێوەزارە جۆراو جۆرەکان و لێک نزیککردنەوەی دیالێکت و شێوەزار و هەندێکجار فێربوون و زمانیشی لێدەکەوێتەوە، مەرجە شاعیر لە ڕێبازی کلاسیزمی کوردیدا، زمانی جیاواز بزانێت واتە جگەلە زمانی کوردی، بتوانێت سود لە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی ببینێت، لە هۆنراوەکانیدا ڕەنگ بداتەوە. هەر ئەمەشە وایکردوە(گەنجێکی زۆری وشەی خواستراو و قەرزکراو وشەی بێگانەیان بۆ زمانی کوردی زیادکردووە، لە زۆر دەوڵەتدا زارێک یان گروپێکە یان وەچە زارێکە یا دیالێکتێکە وەک ستاندارد دێتە پێشەوە، لەلایەن قسەکەرانەوە شکۆداری پێدەبەخشرێت، نۆرمێک وەردەگرێت و ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی بە ئاشکراو شاراوە دروست دەبێت)(مەحویی،٢٠١٦: 67-68). ئەم بە ستانداردبوونە هەندێکجار لە زمانی شاعیرێک یان نوسەرێک سەرچاوە دەگرێت، زمانی ئەدەبی ئەگەر نەبێتە ستانداردیش ئەوا کاریگەری لە سەر زمان و قسەکردن و زمانی نوسین و فەرمی بەجێدەهێڵێت.

## ٥.ئەدەبیاتی کوردی و بناغەی بە ستانداردبوونی زمانی کوردی

زمان کەرەستەی سەرەکی و بنچینەیی دروستبوونی ئەدەبە بە هەموو جۆرەکانییەوە(فۆلکلۆر، میللی، نووسراو) چونکە نوسەران و شاعیران لە ڕێگەی زمانەوە بەرهەمە ئەدەبییەکانیان دەچنن؛ بۆیە بەبێ زمان ئەدەب بوونی نییە، بە پێچەوانەوەش ئەدەب سەرچاوەیەکی گرنگ و بەردەوامی گەشەسەندن و پاراستنی زمانە چونکە تۆمارێکی بەردەوام و زیندووی زمان و شێوازی ئەو قۆناغەیە. ئەدەب و زمان توانیان پێکەوە شۆڕشێکی گەورە و ناوازە بەرپابکەن، کە هزر بە درێژایی مێژووی پەی پێنەبردبوو، ئەمەش بە زۆری و زەوەندی کتێب و دانراوەکان نا، بەڵکو بە بەرز ناساندنی پلە و پایەی مرۆڤ بە داهێنان لە ڕێگەی نووسین (عبدالبدیع،١٩٩٧: ٣). چونکە سەرنج و هۆشی بیرمەندانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا لە نیشاندانی دەسەڵاتی ئەدەب و نووسەر و شاعیران لە تێهزرین و تێرامان و چۆنیەتی ناساندنیان لە ڕێگەی ئەدەبەوە؛ بۆیە لە زمانەوانی نوێ دەقی ئەدەبی بۆتە کێڵگەیەکی سەرەکی توێژینەوەکان و میتۆدە ڕەخنەییە نوێیەکانی ئەدەبیش زیاتر لا لە بابەتە زمانەوانییەکان دەکەنەوە . دەتوانین بڵێین لە ڕەخنەی نوێی ئەدەبیدا زمانەوانی ڕەهەند و بابەتی بنچییە بە تایبەتیش لە ڕەخنەی بونیادگەری و شێوازگەری و سیمۆلۆژیا...هتد. ئێمەش لەم دەلاقەیە دەڕوانینە ئەدەبیاتی کوردی وەك گەنجینەیەکی فراوان و دەوڵەمەند، کە خاوەن دیرۆکێکی تاڕادەیەك کۆن و درێژە و خاوەن هەزاران نووسەر و شاعیری زمانپاراوە، دەبینین بە چەند خەسڵەتێك دەرخەری بناغەیەکی پتەوی زمانی ستانداری کوردیە. ئێمە لەو توێژینەوەیەدا دەمانەوێت ئەوە دەرخەین و لە چەند خاڵێکدا پوختی دەکەینەوە.

١-نەبوونی زمانی ستاندردی کوردی نەبۆتە لەمپەر لە بەردەم ئەدەبیاتی کوردیمان، چەنکە بە پێچەوانەوە هەموو ئەو سنورانەی تێپەڕاندووە و دیاردەی نووسین بە فرە شێوەزاری لە ئەدەبی کوردیدا دیاردەیەکی حاشا هەڵنەگرە ئەمەش زیاتر لە چوارچێوەی بڕیاری ڕامیاری تەسکدەکرێتەوە، کە هەر میرنشینێك و شێوەزاری خۆی کردووتە زمانی نووسین، بەڵام نوسەر و شاعیرانمان لە سۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی هەوڵی نوسین بە زمانی خۆیان داوە؛ بۆیە دەقی ئەدەبیمان بە شێوەزارەکانی لوڕی و بۆتانی و گۆران و کرمانجی ناوەڕاست .....هتد هەیە و لە زۆربەی بەرهەمەکان زمانەکە لە ئاستێکی بەرزی داهێنان و شیعرییەت خۆی دەبینێتەوە، فەرهەنگی وشەیان دەوڵەمەندە و زۆر دوورە لە

کەموکورتی و هەرشێوەزارێکیان تا ئەندازەیەك ڕێگەخۆشکەرە بۆ بە ستانداردبوون؛ لەبەرئەوەی زمانی نووسینی ئەدەب بە یەکێك لە ئەستووندە بنەڕەتەکانی زمانی ستاندارد دادەنرێت، لە پاڵ هەموو ئەو پایە و بناغانەی بۆ ئەو پرسە دەستنیشانکراون لە لایەن پسپۆرانی ئەو بوارە(عومەر،٢٠١٤: ١٨٨). بۆ نموونە: مەولەوی لە شیعرێکیدا دەڵێت:

**ئاماوە وەهار، وەهار شـــــــادی**
**بۆی عەتر نەسیم غونچەی ئازادی**
**خێڵخای خەفەت بـــاربەنیش کەردەن**
**مەینەت ڕوونیان وە ماوای مەردەن** (محەمەد،٢٠٠٧: ١١٤)

زمانێکی ڕەوان و جوان و بە هێز و پڕ واتایەن شاعیر توانیویەتی بە شێوەزاری خۆ بنوسێت.
مەلای جزیری لە بەشێکی شیعرێکی دا دەڵێت:

**ژ رەعنـا نێرگزێن تەی مەست و خون ریز**
**زەمان بۆ عەهدێ جەنگ ئەنگیزی جەنگیز**
**تە جانێ من دڤێت ئەی جانێ عـــــالەم**
**ژ من بستین ب لەعلێن خوی شەکـــەر ریز** (مەلای جزیری،١٩٧٧: ٢٢٣)

لەم کۆپلەیەدا زمانێکی ئەدەبییە و وشەو زاراوەکانی کوردین و شاعیر سەرکەوتوونە هەست و بیری خۆی بە شێوەزارە دەربڕیوە، ئەم تایبەتمەندییە لە بەشێکی هەرە زۆری ئەدەبیاتی کوردی سەرجەم زارەکان بەدی دەکرێت، بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەماندا دەمانەوێت ئەدەبیاتی شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست(سۆرانی) بە بەراورد بە شێوەزارەکانی تر زەقبکەینەوە و بە بەرفراوانتر و دەوڵەمەندتری دەزانین؛ بۆ ئەم پرسە، هەروەک لە خاڵەکانی داهاتوو وردتر باسی لێوەدەکەین.

٢-دەقی ئەدەبی سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ دەستنیشانکردن و زانین و دیاریکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر زمانێکدا هاتوون لە قۆناغە جیاوازەکان و هەڵاوێرکردنی سیما و ئەندگارە هەنووکەییەکانی لەگەڵ قۆناغەکانی پێش خۆی، چونکە هەر دەقێك((هەڵگری ماکی سەردەمەکەی خۆیەتی و هەڵگری وردەکارییەکانی سیستەمی زمانی سەردەمەکەیەتی؛ هەربۆیە دەقێکی کۆن لە دەقێکی نوێ بە سیستەمە زمانەکەی جدا دەکرێتەوە و بە ئاشکرا ئەو گۆڕانانەی بەسەر زمانەکەدا هاتووە بە پێی واقیع و بارودۆخی خولقاندنی دەقەکە دیاردەکەوێت))(ڕەحمان،٢٠١٧: ٧٦). ئەمەش یەکێك بوو لە چەمکە بنەڕەتەکانی قوتابخانەی بونیادگەری و(فێردینان دی سۆسێر ) لە ژێر ناوی(هاوکاتی و بەدوای یەکداهاتن (Synchronic and Diachronik) دا باسی کردوون.

نالی کاتێك گوتی:

**تەبعی شەککەر باری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا،**
**ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی، لە عەمدەن وا دەکـــا**
**یـــا لە مەیدانی فەساحەتا بە میسلی شەهسوار**
**بێ تەئەمول بەو هەموو نەوعە زوبانی رادەکـــا**
**کەس ب ئەلفـــازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە**
**هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا** (نالی،١٣٨٧: ١٠٣)

بە شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست(سۆرانی) دەستی بە نووسینی شیعرەکانی کرد و بە هەر هۆکارێکی ڕامیاری یان خودی بێت، بناغەی زمانی ستانداردی کوردی دارشت، چونکە دوای ئەو تا ئێستا ئەو شێوەزارە بەردەوام ئەدەبیاتی پێدەنووسرێت و بە درێژایی ئەو سەدان ساڵەی دوای نالی چەندین

گۆڕانی هەمەجۆری بەسەرداهاتووە لە ئاستە جیاجیاکان وەك لە توێژینەوە زمانەوانییەکان ئەوە سەلمێنراوە. دەقی ئەدەبی بەڵگە و سەرچاوەی هەرە سەرەکی بووە لە پاراستن و دەرخەری ئەو گۆڕان و گەشەسەندن و جیاوازییانەی بەسەر زمانی کوردیدا هاتوون، بۆ نموونە: لە شیعری کلاسیکی کوردیدا زمانی کوردی وشە و زاراوەی بێگانەی عەرەبی و فارسی بە ڕێژەیەکی بەرچاو تێدا بەکارهاتووە، وەك ئەو نموونەی نالی، بەڵام لە دەستپێکی ئەدەبی نوێی کوردی زمان یەکەم و سەرەکیترین بنەمای دەق بوو، کە شاعیر و نووسەران بەرەو پەتیبوون بردیان و بەمەش زمانی کوردی چووە قۆناغێکی نوێ بۆ نموونە: پیرەمێرد لە شیعری نەورۆز دا دەڵێت:

ئەم ڕۆژی ســـــــاڵی تــــــــــــازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بە هـــــــــــاتەوە
چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێ پەست بوو تاکو پار
هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهـــــــــــــار (پیرەمێرد،١٣٩٢: ١١٨)

پیرەمێرد وەك نووسەر و ڕۆژنامەنووس و شاعیر و بیرمەندێك ویستوویەتی ئەو ڕێچکەی نالی بەرنەدات و بەردەوام بێت لەسەری هەروەك (محەمەد ڕەسول هاوار) لە پێشەکی دیوانەکەی شاعیر باس لەو هێرش و ڕەخنە و وتە نەشیاوانە دەکات، کە پیرەمێرد لە ئەنجامی نووسین بەو زمانە ڕووبەڕوویان بۆتەوە، بەڵام زۆر بێباك بووە بەرامبەریان و بەردەوامبووە لە نووسین بەو زمانە و پێیوابووە بەکارهێنان و نووسین بەو شێوازە پێویستییەکی سەردەم بووە (پیرەمێرد،١٣٩٢: ١٤)؛ بۆیە هەر بە ئەوەندەش نەوەستاوە و یەکێك لە هەوڵە ناوازەکانی پیرەمێردی شاعیر بۆ ئەو شێوەزارە گۆڕینی دەقە شیعرییەکانی مەولەوی و بێسارانی و وەلی دێوانە بووە.

٣-شێوازی هەر نووسەر و شاعیرێك کۆمەڵێك بنەما بەشداری لە ڕسکانیدا دەکەن، لادان یەکێکە لەو بنەمایانە و هەروەك جان کۆهین کردوویەتییە بنەمای تیۆریە شیعرییەتەکەی و پێی وایە هیچ دەقێکی ئەدەبی و شیعر بە تایبەتی لە لادان بەدەر نیە؛ بۆیە دەڵێت: (شێواز لادانە و ئەو لادانەش بە ڕێگای چەندی دەستنیشان دەکرێت بە پێوانەکردنی بە ئاستی ئاسایی زمان))(کوهین،١٩٨٦: ٣٧). لادان بە پێی بنەما و ئیستاتیکا و پێوەر و...هتد چەندین جۆری هەیە و لەم توێژینەوەیە دەرفەتی باسکردنیان نیە و بڕوانە(ئەحمەد، ٢٠١٣: ٤٠-٥٦)؛ لەبەرئەوە بۆ سەلماندنی ئامانجی توێژینەوەکەمان تەنیا دوو لەو جۆرە لادانانە دەخەینەڕوو، کە ڕەخنەگر و توێژەری فارسی کورش صەفەوی لە کتێبە لە زمانەوانییەوە بۆ ئەدەبیات باس لە بۆچوونی شەفیعی کەدکنی دەکات، کە باسی لە پرۆسەیەکی هاوبەشی نێوان زمان و ئەدەب کردووە و زاراوەی(ئاساگەرایی) بۆ ئەو مەسەلە بە گونجاو داناوە و پێی وایە((چەند شێوەیەك بگرێتەوە کە لە ڕابردوودا لە چوارچێوەی بەرجەستەسازیدابوون و لە پاشان چونەتە ناو زمانی ئاسایی. بەو پێیە دەتوانین بڵێین، کە پرۆسەی بەرجەستەکردن بە تێپەڕین لە زمانەوە بۆ ئەدەبیات جێبەجێ دەبێت و پێچەوانەکەشی، واتە بەکارهێنانی چەند شێوەیەکی ئەدەبیات لە زمانی ئاساییدا لە ژێر چەتری پرۆسەی ئاساگەرایی دەخرێنەڕوو))( صفوی،٢٠١٨: ٧١). واتا چۆن ئەدەب لە ڕێگەی زمانی ئاسایي بی گۆڕین و لادان خۆی دەمەزرێنێت، زمانیش هەندێکجار سوود لە زمانی ئەدەب وەردەگرێت. لادانەکانیش بریتین لە:

**٥-١. لادانی شێوەزاری:** لیچ بەوە پێناسەی دەکات، کە بەکارهێنانی هەندێك وشە و دەربڕینی سەر بە یەکێك لە دیالێکتەکانی ئەو زمانەیە لە لایەن شاعیر، کە لە زمانی ستانداردا بەکارنایێت و هەموو خوێنەری زمانەکە لێی تێناگەن؛ چونکە سەر بە ناوچەیەکە(1974, Geoffry N. Leech: ٤٩). ئەم

بەکارهێنانە لە ناو ئەدەبدا وشە دەناسێنێت و ئەدگارێکی زمانی ستانداردیشە، چونکە یەکێك لە مەرجە سەرەکیەکانی بە ستانداردبوونی هەر شێوەزارێك لە زمانێکدا کۆکردنەوەی سەرجەم شێوەزارە جیاجیاکانی ئەو زمانەیە، کە ئەمەش لە لادان لە کارپێکردنی وشە و زاراوە و دەستەواژەی تاکە شێوەزارێك بەدیدێت و بە بەزاندنی تخوبی ناوچەیی سەرچاوە دەگرێت.

ئەدەبی کوردی بە هەموو ژانرەکانییەوە ئەم دیاردەیە لە یەکەم شاعیری کورد باباتاهیری هەمەدانی یەوە پەیڕەوکراوە و زمانەوانی کورد د.محەمەد نوری عارف بە وردی توێژینەوەیەکی ورد و زانستیانەی بە ناونیشانی (وشەو زاراوەکانی باباتاهیر و بەراوردکردنیان لەگەڵ شێوەکانی زمانی کوردیدا) لە بارەیەوە نووسیووە بۆئەوەی بیسەلمێنێت، کە لوڕی شێوەزارێکی زمانی کوردییە و بەڵگەی سەرەکی و زانستیشی بۆ ئەو بابەتە دەقەکانی شاعیرە و لەوێدا توێژەر داوا لە زمانەوانانی کورد دەکات، کە ئەو پرسە گرنگە پشت گوێ نەخەن(عارف،١٩٩٧: ٦). ئێمە لەبەر سنوربەندی توێژینەوەکەمان دووبارە باسي ناکەین. لەو دەقە ئەدەبییانەی بە کرمانجی ناوەڕاستیش نووسراون لە هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی(شیعر و چیرۆك و ڕۆمان...هتد)ی ئەو دیاردەیە بەدیدەکرێت و نالی دەستپێکارە و زۆر لێزان بووە، دەقە شیعرییەکانی کۆکەرەوەی وشەی زارەکوردییە جیاوازەکانن، بۆ نموونە: کاتێك دەڵێت:

**خاو و بێخاوی دووزوڵفی خـــاوم ئەز**
**چاوە چاوی یەك غەزالە چــاوم ئەز**
**گەر نیە ئاور لە سینەمدا بە تـــــاو**
**بۆچ لەبەر قوڵقوڵ غەریقی ئاوم ئەز؟!**
**نـــــاری سینەم گەر نەبێ، غەرقم ئەمن**
**ئـــــــاوی چاوم گەر نەبێ، سووتاوم ئەز** (نالی،١٣٨٧: ٢٣٢)

لەم پارچەیەدا وەك دیارە وشەکانی(ئاور، ئەز، ئەمن)ی لە شێوەزارە جیاجیاکان وەرگرتووە و بەکاریهێناون.

حاجی قادریش ڕەنگامەی وشەرێژکردووە و هەوڵیداوە هەندێك لە وشەکانی شێوەزارەکانی تر لە ناو دەقەکانی بناسێنێت، کاتێك دەڵێت:

**تەماشای قامەتم پیری چلۆن تیری عەسای دایە!**
**درۆیە "داری گەورە وەك نەمـــــــامی تازە دانایە"** (حاجی، ١٣١)

وشەی چلۆنی بەکارهێناوە، کە لە شێوەزاری موکری و کوردستانی ڕۆژهەڵات بەکاردێت.

لە هەندێك لە دەقەشیعرییەکانیشیدا وشەی شێوەزاری کۆیی بەکارهێناون و دەڵێت:

**ئەوی شاعیر نەبی <u>کۆرە</u> وجاغی**
**لە سایەی شاعیرەکان بابی کوڕانم** (حاجی، ٨٥)
**" لە گوێی گا نووستوون" هەرچەندە کوێرن**
**وەکو کەروێشکی چــــاو ڕاماو و <u>کوێرن</u>** (حاجی، ٢٢٨)

وشەی کۆرەی بە شێوەزاری کۆیی بەکارهێناوە دیارە ئەوەش بەمەبەست بووە، چونکە لە چەندین دێری تردا وشەی کوێری بەکارهێناوە.

**لە حیلە حیلی کەحێل و لە باڕە باڕی مەران**
**لە دەنگی قۆڕەیی گاجووت و بۆڕەیی <u>مانگا</u>** (حاجی، ٤٢)
**سۆفی بە سەر و ڕیشی، بەم خەرقەیی سەردۆشی**
**چەند <u>چێڵ</u>ەگەل و بزنەگەل و مێگەلی دۆشی** (حاجی، ١٥٩)

شاعیر بۆ ناساندنی زاراوەی شێوەزاری دەبینین چێڵ و مانگای بەکارهێناوە.
هێمن چەندین وشەی شێوەزاری بەکارهێناون و دەڵێت:

**کـــــە دەبینم کیژی تەڕپۆش**
**گشت خەمێ دەکەم فەرامۆش** (هێمن،١٩٧٩: ٤٦)

وشەی کیژ واتا کچ لە چەند شێوەزارێك بەکاردەهێنرێت، وەك هەولێر و کۆیە .

**کە ژن زانی ئەویش ئینسانە وەك مێر**
**مەڕی میری ئیتر نایێتە ســـــــەر بێر**(هێمن،١٩٧٩: ٨٨)

مێر واتا پیاو لە شێوەزاری کرمانجی ژووروو بەکاردێت.
لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردی و دوای ڕاپەڕینیشدا ئەمجۆرە شێوازە لە لای شاعیران و نووسەران بەدی دەکرێت و لای کەژاڵ ئەحمەد وشەی شێوەزارەکانی کرمانجی ژووروو، ناوچەي هەولێر و دەبینرێن بۆ نموونە:

**دیرۆك هەردەم**
**بە نێو ئۆقیانووسی خوێن و درۆدا سەفەر دەکات** (ئەحمەد،؟؟ : ٧٥)
**ئێستاش خۆیان بە کوڕی ماڵێ ئەزانن**
**کەپوو ئەکەنە ئاسمان و ڕەخنە ئەگرن** (ئەحمەد، ؟ ؟ : ١٠٤٥)

شاعیر وشەکانی دیرۆك: مێژووی بەکارهێناوە کە لە بنجدا لە کرمانجی ژووروو(بادینی) بەکاردێت کەپوو: لووتی بەکارهێناوە، کە لە ناوچەی هەولێر بەکاردێت.
ڕەفیق سابیر دەڵێت:

**بە نێرگز و**
**جەمەدانی و**
**لاوکە سوور و**
**بە ئامێزی داگیرساوم داتدەپۆشم** (سابیر،٢٠٠٦: ٤٤١)

وشەی جەمەدانی وشەیەکە لە ناوچەی هەولێر بەکاردێت.
ئەم جۆرە لادانەو شێوازەی شیعرییەتە لە لای شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر زیاتر پەرەیسەند و بووە بە سیمایەکی زەق و جیاکەرەوەی ئەم قۆناغە ئەدەبییە و تا ئێستاش بەردەوامە بە تایبەتیش لای(پەشێو و سەباح ڕەنجدەر و کەریم دەشتی و سابیر ڕەشید و عەزیزی مەلای ڕەش و فەرید زامدار و عەباس عەبدوڵلا و ئەنوەر مەسیفی.....هتد).(بڕوانە، سافیە محەمەد ئەحمەد، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ل١٠٧-١١١).
سابیر ڕەشید لە کورتیلە چیرۆکی(دەرۆزەکەر)دا ئەم جۆرە لادانەی ئەنجامداوەو دەڵێت:
**بە کتێبی (ئەلف و بێ)یەکەی ئەمین باڵدار، زانی کە مامۆستایە...دینارەکەی دایە دەستی و سەدەمین دەرۆزەکەری ئەو ڕۆژەی بەڕێخست.**(ڕەشید، ٢٠٠٥: ٤٧).
دەرۆزەکەر بە واتای سواڵکەر دێت و وشەیەکی ناوچەي هەولێرە.
مامۆستا عەزیزی مەلای ڕەش لە ڕۆمانی(کوێخا سێوێ) دا چەندین وشەي ناوچەیي بەکارهێناوە وەك:
**لە هیکەوە دیتی وا ڕەوە مامزێك وارە، وارە، نێریەك لە هەمووان گەورەتر لە بارایێ دایە و بۆ سەر ئاوەکە دێن.** ( مەلای ڕەش،١٩٨٦: ٢١).
وشەکانی لە هیکەوە، مامز، وارە وشەی ناوچەیین.

**٥-٢. وشەی پەراوێزخراو** : یان وەك لیچ بە لادانی سەردەمی، مێژوویی ناوی دەبات و بەوە دەیناسێنێت، بەکارهێنانی هەندێ وشەی کۆنی سەردەمانی پێشووترە، کە لە قۆناغێکی مێژوویی بەکارهاتووە(لیچ،٥١). بەڵام وشەکە ئێستا بەکاربهێنرێت؛ بۆیە لێرەدا ئەدەب سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ دۆزینەوەی وشەکان و پاراستنیان لە ونبوون، لە لایەکی تریش بنچینەیەکی پتەوی زانینی مێژووی وشەیە.

شاعیر و نووسەرانی کورد چەندین وشەیان لە ناو کەلێنی دێرەشیعر و ڕستە پەخشانییەکانیاندا هەڵگرتوون و پەناگەیەکی بێ ترس و لەرزبوونە بۆ پاراستن و مانەوەیان لە کۆنەوە تا سەردەمی ئێستا و داهاتووش، لە مێژووی زمانەوانی بایەخی زۆری هەیە و هەڵگری ئەدگارە زمانییەکانی ئەو قۆناغەن، کە وشەکەی تێدا بەکارهێنراوە، بۆ نموونە ناری دەڵێت:

**من شکاتی دڵ پەرێشانیم لە گێسووی خاوی یە**

**ئەو حەواڵەی مەحکەمەی زوڵفی پەرێشانم ئەکا** (ناری،٢٠١٩: ٦٢)

گێسوو وشەیەکی کۆنە لە شیعردا زۆربەکارهاتووە، واتاکەی گۆڕاوە و ئێستا لە ناوچە جیاوازەکان چەندین وشەی تری لە جیات بەکاردێت وەک، کاکۆڵ، پرچ...هتد

ڕەحیمی قازی لە ڕۆمانی پێشمەرگەدا دەڵێت:

**پیرۆت هەر ئەو شەوە لە ماڵێ ڕۆیی، چوو تفەنگ و فیشەکەکانی لە تایە کولۆشەکە دەرهێنا و بە کوێرە ڕێگایەکدا بەرەو کانی کیسەڵە وەڕێ کەوت.** (قازی، ٢٠١٠: ٦٨).

کولۆشە: وشەیەکی کۆنە.

هێمن چەندین وشەی کۆنی بەکارهێناوە و خۆشی ئاماژەی پێکردوون و واتاکانی ڕوونکردوونەتەوە، وەك:

**بە جێم هێناوە ئەرکی بەندەگیی خۆم**

**تەمـــــــاڵم دیتەوە، من نۆکەری تۆم**(هێمن، ١٩٧٩: ٧٩)

تەماڵ وشەیەکی کۆنە و بەکاریهێناوە، لە کۆندا بۆ دۆزینەوەی کەرویشک بەکارهاتووە، کە کارێکی قورس بووە.

**قسە پان و ڕەزاگران و دەغەڵکار**

**درۆزن، دووزمان، پەتیارە، بێ عار** (هێمن، ١٩٧٩: ٨٠)

پەتیار: وشەیەکی کۆنە، بەواتای کەسی خراپ دێت، ئێستا بەو واتایە بەکارنایێت.

## ٦. ئەنجام

ئەدەبیات بناغەیەکی پتەوی چارەسەری ئەو پرسە گرنگەیە و ئەدەبی کوردی بە تایبەتی، کە لە هەموو بنەما و ڕەهەندەکانی تری بڕیاردان ئەرێنیتر و لە پێشترە؛ بۆیە دەکرێت وەک پێوەر بکرێتە سەرچاوە و بنەمای سوود وەرگرتن لە بەستانداردبوونی زارێک یان شێوەزارێک، چونکە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند و پڕ بایەخی پاراستنی زمانی کوردییە بە هەموو زار و شێوەزارەکانییەوە و بە چەندین قۆناغی جۆراوجۆر و درێژدا تێپەڕیوە و توانیویەتی خۆی بسەلمێنێت، بە گەواهی زۆرینەی پسپۆڕ و توێژەرانی ئەو بوارەش ئێمەش هەمان بۆچوونمان هەیە، کە شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست لە پاڵ چەند پێوەرێکی تر زۆر تۆکمە و گونجاوە بۆ بەستاندارکردن.

## سەرچاوەكـــــــان

### كوردييەكان


ئەحمەد، سافیە محەمەد(٢٠١٣). لادان لە شیعری هاوچەرخی كوردیدا، هەولێر، ئەكادیمیای كوردی.

ئەحمەد،كەژاڵ(١٩٩٩). بەندەری بەرمۆدا، پێگەی ئەلیكترۆنی پەرتووك، چ١ و٢.

ئەمین، وریا عومەر (٢٠١١). پیتۆكەكانی زمانەوانی، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.

بەكر، سەلام ناوخۆش(٢٠٠٤). زمانناسی و هەندێ بابەتی زمانناسیی كوردی، هەولێر،كتێبفرۆشی سۆران.

پیرەمێرد (١٣٩٢)، دیوان، مەحەممەد ڕەسول هاوار، چ. ١، سنە، چاپخانەی ئانا.

خوڕشید، فوئاد حمە(١٩٨٥). زمانی كوردی- جوگرافیای دابەشبوونی دیالێكتەكان، بەغدا، چاپخانەی افاق العربیە.

خۆشناو،نەریمان عەبدوڵا(٢٠١٣).زمانی ستانداردی كوردی، چاپی یەكەم، هەولێر، چاپخانەی هێڤی.

ڕەحمان عەبدوڵڵا(٢٠١٧). توێژینەوەی دەق لە ڕوانگەی زمان و ئەدەبەوە، چ. ١، هەولێر، وەزارەتی ڕۆشنبیری.

ڕەسوڵ، عەبدوڵڵا حوسێن(٢٠١٥). چەند باسێكی وردی زمانەوانی- كوردی، هەولێر، چاپخانەی هێڤی.

ڕەشید، سابیر (٢٠٠٥). ئاوێنە :١٠٠ كورتیلە چیرۆك، ، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.

سابیر، ڕەفیق(٢٠٠٦). بە تەنیا جێی مەهێڵن، چ. ١، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.

صفوی،كورش(٢٠١٨). لە زمانەوانییەوە بۆ ئەدەبیات،ب١، و: عوسمان دەشتی، پێداچوونەوەی یوسف شەریف سەعید، بڵاكراوەی زانكۆی كۆیە.

عارف، محەمەد نوری(١٩٩٧). وشە و زاراوەكانی باباتاهیر و بەراوردكردنیان لەگەڵ شێوەكانی زمانی كوردی دا،، چ. ١، هەولێر، وەزارەتی ڕۆشنبیری.

عومەر، بەكر(٢٠١٤). چەند لایەنێكی زمانەوانی، ، هەولێر، ناوەندی ئاوێر.

عەلی، غازی(٢٠١١). زمانی فەرمی بۆ كوردستان،، چ١، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

فتاح، محەمەد مەعروف(١٩٩٠). زمانەوانی، بەغدا، چاپخانەی دارالحكمە.

فتاح، محەمەد مەعروف(٢٠١٠). لێكۆڵینەوە زمانەوانیەكان، ، چاپی یەكەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

قازی، ڕەحیمی(٢٠١٠). پێشمەرگە، هەولێر، دەزگای ئاراس.

كۆیی، حاجی قادری، (دیوان)، لێكۆڵینەوە و لێكدانەوەی سەردار حەمید میران و كەریم موستەفا شارەزا، چ. ٢ ، سنە، انتشارات كوردستان.

محەمەد، ئەنوەر قادر(٢٠٠٧). لیریكای شاعیری گەورەی كورد، مەولەوی بە دیالێكتی گۆرانی(هەورامی)، چ. ٣، سلێمانی دەزگای سەردەم.

مەحویی،محەمەدی(٢٠١٦)، مەنامە(بەستانداردكردنی زمانی كوردیی)، چاپی یەكەم، سلێمانی، چاپخانەی ئەندێشە.

مەلای ڕەش، عەزیز(١٩٨٦). كوێخا سێوێ، هەولێر، الأمانة عامة الثقافة و الشباب.

مەلایێ جزیری(١٩٧٧). دیوان ، توێژاندنا صادق بەهائەددین ئامێدی، ، چ. ١، بەغدا، كۆڕی زانیاری كورد.

ناری- مەلا كاكە حەمەی بێڵوو(٢٠١٩)، دیوان كۆكردنەوە و لێكدانەوە و لێكۆلینەوەی عوسمان عارف ناری زادە، چ. ٣، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.

نالی(١٣٨٧). دیوان، لێكۆڵینەوە و لێكدانەوەی مەلا عەبدولكریمی مودەریس و فاتیح عەبدولكەریم، سنە، بڵاوكردنەوەی كوردستان.

هێمن(١٩٧٩). ناڵەی جودایی، بەغدا، چاپخانەی عولا.


### عەرەبییەكان


عبدلبدیع، لطفي(١٩٩٧). التركیب اللغوي للأدب بحث في فلسفة اللغة و الاستطیقا، ، مصر، مكتبة لبنان،لونجمان.


### ئینگلیزی


N. Leech, Geoffry(1974). *Linguistic Guide to English Poetry*, London and New York, Longman.